

فەرهاد حەسەن عەبدوڵڵا *

# هەژموونی ئێران و قەیرانی کەنداو
# هەڵپەی دەرچوون لە تەڵەزگە

ئێوارەی 23ی ئایاری 2017، ئێوارەیەکی ڕاچەڵەکێنەر بوو بۆ ملیۆنان هاوڵاتیانی عەرەب لە نیمچە دوورگەی عەرەب و کەنداو کاتێك هـەردوو پێگەی (الاخبـار)ی ئەلعربیە و سکای نیوز لێدوانێکی ئەمیری قەتەر «شێخ تەمیم بن حەمەد»یان بڵاوکردەوە، کە تیایدا ستایشی هەریەك لە ئێران و حزبوڵڵاو بزووتنەوەی حەماس دەکات، ئاماژە بە ئاڵۆزییەکانی نێوان دەوحەو ئیدارەی دۆناڵد ترامپ دەکات. ئەم لێدوانانە تەنها دوای تێپەڕبوونی 48 کاتژمێر بەسەر کۆبوونەوەیەکی دۆستانەی بن تەمیم لەگەڵ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕیازی پایتەختی سعودیە.

ئەم دیسکۆرسە ناشازە لە کاتێکدایە، کە ئەو وڵاتە بچووکە خـاوەن کاریگەرییەی کەنداو ساڵانێك بەشێك بـووە لە سیاسەتەکانی دژ بە هەژموونی ئێران لە یەمەن و سوریا بە سەرکردایەتی سعودیەو وڵاتانی ڕۆژئاوا. هەرچەندە، هەرزوو حکومەتی دەوحە ئەو قسانەی ڕەتکردەوەو ڕایگەیاند،کە پێگەی حکومەتی وڵاتەکەی «وەکالەتی ئەلخباری قەتەر - QNA هاککراوە، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ڕاگرتنی هەڵمەتی هێرشکردن و سەرکۆنەکردنی قەتەرو سەرکردەکانی. زیاتر لەوەش هیچ میدیایەکی سعودیەو ئیمارات و وڵاتانی تر لێدوان و بەیاننامە ڕەسمییەکانی قەتەرییان بڵاونەکردەوە. ڕۆژێـك پێش پچڕاندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان و گەمارۆ خستنەسەر دەوحە، ئیمەیڵی باڵوێزی ئیمارات لە واشنتۆن «یوسف ئەلئۆتایبا»، کە کەسێکی نزیکە لە ئەمیری دوبـەی (محمد بن زایـد)، هاککرا و چەندین ئیمەیڵی بەرپرسانی پێشووی ئەمریکاو ئیدارەی ترامپ و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی تیادا بوو بڵاوکرانەوە، تیایدا پەیوەندییەکانی قەتەرو چەند وڵاتێکی تر بە گرووپە تیرۆریستییەکانەوە پیشاندەدات، بەمەش لە ناکاو شانۆی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێك لە هەستیارترین قەیرانە دیپلۆماسییەکانی لە چەند دەیەی ڕابردوو بەخۆوە بینی. بە شێوەیەکی کتوپڕ لە 5ی حوزەیرانی 2017، سێ وڵاتی کەنداو: سعودیە، بەحرین، شانشینی ئیماراتی یەکگرتوو لەگەڵ میسر بڕیاری پچڕاندنی پەیوەندیی دیپلۆماسییەکانیان و کۆت و بەندی ئابووریشیان بەرامبەر قەتەر ڕاگەیاند، کە ڕووداوێکی تر بوو بۆ ناسەقامگیری زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی و دروستکردنی ئاڵنگاری ئابووری و ئەمنی و تێکدانی هاوسەنگی هێز لە ناوچەکە.

سەرەڕای چەندین هەوڵی دەرەکی بۆ کۆتایهێنان بە قەیرانە سیاسییەکان، بەڵام لەوە ناچێت هێشتا چارەسەری ئاسان هەبێت بۆ ناکۆکییەکانی کەنداو، بە جۆرێك مەترسی لەسەر یەکگرتوویی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو «GCC» دروستکردووە. ئاشکرایە پچڕانی پەیوەندییەکانی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ قەتەر بێ پێشینە نییە، نزیکترینیان لە ئازاری 2014ە، (سعودیە – ئیمارات - بەحرین) باڵوێزەکانیان لە دەوحە کشاندەوە بەهۆی پشتگیرییەکانی ئەو وڵاتە لە شۆڕشە جەماوەرییەکانی وڵاتانی عەرەبی و دژایەتیکردنی کودەتـای سـەربـازی بەسەر ئیخوانەکانی میسردا، ئەو

ئاڵۆزییانەش تا کۆتا ڕۆژەکانی فەمانڕەوای شا عبدالله لە ساڵی **2015** بەردەوام بوو، بەڵام سروشت و ڕەهەندەکانی ئەو قەیرانە جیاواز بوو لەوەی ئێستا.

وڵاتانی کەنداو لە گەمارۆکانیان بۆ سەر قەتەر چەندین پاساوی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن، لەوانەش: تۆمەتبارکردنی دەوحە بە پشتگیری کردنی حوسییەکان و پارتی ڕیفۆرمخوازی یەمەن، پەیوەندییە نهێنییەکانی لەگەڵ ئێران و هاوکاریکردنی گرووپە تیرۆریستی و نەیارەکانی سعودیە، لەگەڵ ئەوەشدا قەیرانی کەنداو، قەیرانێکی فرەڕەهەندو فرە پاڵنەرە، دەشێت لە سێ هۆکاری سەرەکیدا کورت بکرێتەوە، ئەوانیش: هۆکارێك لەسەر ئاستی ناوخۆی دەوڵەتانی کەنداو، کە زادەی ناکۆکی کەسیی فەرمانڕەواکانی کەنداوە لە نیمچە دوورگەی عەرەب. دەرکەوتنی سیاسی دوو شازادەی گەنج لە هەریەك لە سعودیە و ئیمارات (محمد بن سەلمان - محمد بن زاید)، کە هەردووکیان خواستی هەژموونگەرایی هەرێمییان هەیە بووەتە هۆی خێراترکردنی بەریەککەوتنەکانیان لەگەڵ بن تەمیم. لەسەر ئاستی ناوچەییش، قەیرانەکان ڕەهەندی هەرێمی هەیەو ناتوانرێت لەو زنجیرە ڕووداوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیابکرێتەوە، کە لە ململانێ و کێبڕکێ بە بەدەستهێنانی هەژموونی هەرێمییەوە سەرچاوەی گرتووە.

خاڵێکی تر پەیوەندی بە ململانێ مەزهەبییەکانی شیعەو سوننەوە هەیە. فراوانخوازییە ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی و هەوڵەکانی سعودیەی سوننیە بۆ دەوردانی هەژموونی تاران و کۆمەڵێك پێشهاتی سیاسی و ئەمنی نوێ لە **2003**ەوە یارمەتیدەر بووە بۆ فراوانکردنی بازنەی قەیرانەکان و کردنی کەنداو بە سەنتەری ئەو قەیرانە. گەمارۆکانی سعودیەو وڵاتانی تری کەنداو بۆ سەر قەتەر بووە هۆی سەرسامکردنی وڵاتانی ڕۆژئاواو ناوچەکە، بە جۆرێك کە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپاو ڕۆژئاوا دوودڵن لەوەی بە ڕاشکاوانە خۆیان یەکلایی بکەنەوە لەسەر لایەنەکانی ململانێکە، ئەوەش بەهۆی گرنگی ناوچەی کەنداو لە دابینکردنی سەرچاوەی وزەی جیهانی و هەستیاریی ڕەوشی جیۆپۆلەتیکی لە ناوچەکە، سەرەڕای جێکەوتە نێودەوڵەتی قەیرانی کەنداو، هاوکات کاریگەرییەکانی سروشتی کاردانەوەکان لەسەر ئاستی عەرەبی و هەرێمی دیاریدەکات.

بۆ نموونە لەسەر ئاستی هەرێمیی، ئێران هەوڵەکانی خۆی نەشاردەوە بۆ قۆستنەوەی دابەشبوون و لێکترازانی وڵاتانی کەنداو. ئەویش لە ڕێگەی دەربڕینی هاوسۆزی و ئامادەگی بۆ دابینکردنی هاوکاری و شمەك و کەلو پەل بۆ بازاڕەکانی دەوحە، کە بەهۆی گەمارۆکانی سعودیەو وڵاتانی ترەوە زیانی زۆری پێگەشتووە. هەروەها، ئیسرائیل ئاماژەی بەوە کرد، کە بەهۆی ئەم قەیرانەوە بەرەو پێشچوون لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیە دێتە ئاراوە، دژی بە قەتەرو ئێران و بزووتنەوە چەکدارییەکانی نزیك لەو دوو وڵاتە. بە هەمانشێوە سابارەت بە تورکیا، مانەوەی پەیوەندییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ قەتەر وایکرد، کە ئەو وڵاتە هەرزوو دەست بکات بە بنیادنانی و فراوانکردنی بنکەی سەربازی لەو وڵاتەدا، سەرەڕای دەربڕینی هاوسۆزی خۆی لەگەڵ دەوحە، بەڵام هاوکات هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بۆ نێوەندگیری و جڵەوگیر کردنی قەیرانەکە دەستیان پێکرد.

هەرچی سەبارەت بە وڵاتانی عەرەبی، سەرەڕای بەشداریکردنی زۆرینەیان لە هاوپەیمانێتی عەرەبی دژی حوسییەکان، بەڵام ئەوانیش ناتوانن خۆیان یەکلایی بکەنەوە لەسەر هیچ لایەنێکی قەیرانەکە بەهۆی نزیکییان لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوحە، بە تایبەت کوێت و سوڵتاننشینی عومان، چونکە ترسیان لەوە هەیە، کە سەرکەوتنی گەمارۆ و دژایەتیکردنی قەتەر لە کۆتاییدا ئەوانیش بکاتە ئامانج بەهۆی خوود موختاریی سیاسی ئەو وڵاتانەوە، سەرەڕای ئەندامبوونیان لە ئەنجومەنێکی جوگرافی- سیاسی- ئابووری، تەنانەت سەربازیش لە کەنداو،

بۆیە وەك هەمیشە دەستییان کردووە بە نێوەندگیری و ڕێگرتن لە تەشەنەکردنی قەیرانەکان.
لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، هەریەك لە چین و ڕوسیا بەبێ لایەنی ماونەتەوە و داوای گفتوگۆ دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. هەرچی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپاشە، بە تایبەت ئەڵمانیا، هەڵوێستەکانی نزیکە لە قەتەر، نیگەرانی خۆی دەبڕی کە قەیرانەکان دەبێتە هۆی ناسەقامگیری زیاتر لە کەنداوی عەرەبی.
هەرچی هەڵوێستی ئیدارەی ئەمەریکایە زۆر دژیەك و پارادۆکسی پێوە دیارە، ئەویش بەهۆی ئەو پێشهاتە خێرایانەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن، هەرچەندە چەند تویتێکی ترامپ دەوحەی نیگەران کرد، بەڵام قەتەر لەوە دڵنیاییە، کە ئەمەریکا ناتوانێت پەیوەندی و هاوپەیمانیە سەربازییەکانی خۆی لە نێوان ڕیازو دەوحە ئاڵوگۆڕ بکات، بەڵام ئەمەریکا دەتوانێت چەند کارێك بۆ سعودییە بکات، کە هاوکات ببێتە هۆی هێوربوونەوەی ئاڵۆزییەکانی کەنداو، لەوانەش، گەڕانەوەی حکومەتەکەی مەنسور هادی بۆ یەمەن، ڕێگرتن لە حوسییەکان و عەلی عەبدوڵڵا ساڵح لە ڕووخاندنی ئەو حکومەتە، دەستپێشخەری بۆ دیالۆگی نیشتیمانی لەسەر ئاستی وڵاتانی کەنداو، پاراستنی سنورەکانی یەمەن - سعودیە، گرنگتر لەوانەش شکستپێهێنانی هەوڵەکانی ئێران بۆ دامەزراندنی پێگەی هەژموونی و ئایدلۆجی خۆی لە نیمچە دوورگەی عەرەب.
ئاشکرایە ئەمانەش گرنگی خۆی بۆ هەیە ڕیاز، بە تایبەت دوای چڕکردنەوەی هەوڵەکانی ئەم دواییەی ڕیاز بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری هەرێمی و نێودەوڵەتی دژی سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکە، بە لایەنی کەمەوە لە وڵاتانی وەك یەمەن، فەلەستین، سوریاو لوبنان، بە تایبەت دوای سیناریۆی دەستلەکار کێشانەوەی سەعد حەریری سەرۆك وەزیرانی لوبنان لە سعودیەوە بە پاساوی دەستێوەردانەکانی تاران لەو وڵاتە.

بە شێوەیەکی گشتی چەند سیناریۆیەك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی کەنداو، هەژموونی ئێران لە ناوچەکەدا چاوەڕوانکراوە، لەوانەش: گۆڕینی ڕژێم لە قەتەر. ئەم سیناریۆیە کاری لەسەر دەکرێت لەلایەن گرووپ و ڕێکخراوە لۆبییەکانی سەر بە سعودیەو ئیمارات، بە ئامانجی گۆڕینی سەرکردایەتی ئێستای قەتەر، بەڵام ئەم سیناریۆیە ئاسان نییە ئەگەر دەستگیرۆیی دەرەکی نەبێت یان ڕەهەندی سەربازی لەخۆ نەگرێت، هەروەها ناتوانێت سنورێك بۆ هەژموونی تاران لە ناوچەکە سنوردار بکات و شکست بە سپۆنسەری دارایی گرووپە تیرۆیستییەکان بهێنێت، کەواتا ئەمە سیناریۆیەکی دوورە. دووەم، چارەسەری قەیرانەکان بەوەی هەریەك لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان فشار بخەنە سەر لایەنەکان بۆ کۆتاییهێنان بە قەیرانەکە، ئەم سیناریۆیەش بە هەڵگرتنی گەمارۆکان لەسەر دەوحە دەستپێدەکات، لە بەرامبەردا قەتەر بەڵێنی کارکردنی تەواو بکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی تری کەنداو لە چالاکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی.
سیناریۆی کۆتایی خۆی لە دروستبوونی جەنگێکی سارد دەبینێتەوە لە ناوچەکەدا، کە بە دڵنیاییەوە سەردەکێشێت بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ئامادەکارییە سەربازییەکان لە داهاتوودا، تەنانەت ئەگەر قەیرانەکانیش بۆ ماوەیەك جڵەو بکرێت، هێشتا قەتەر بە شێوەیەکی بەرچاو پەیوەندییە سەربازی و سیاسییەکان لەگەڵ وڵاتانی تر، بە تایبەتی تورکیا فراوان دەکات، پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان لەگەڵ تاران پەرەپێدەدات، بە تایبەت لە بواری بازرگانی گازی سروشتی لە کێڵگە هاوبەشەکانی نێوانیان.

* سەرنووسەری گۆڤاری جۆرناڵ